حیزبوڵای لوبنانی ژمارە و سات و جێی هێرشەکانی ڕۆژی هەینی لە بردووی بە سەر ئیسرائیل بڵاوکردەوە



حیزبوڵای لوبنانی ژمارە و سات و جێی هێرشەکانی ڕۆژی هەینی لە بردووی بە سەر ئیسرائیل بڵاوکردەوە.

لە ڕاگەیاندراوەکی فەرمیدا، حیزبوڵای لوبنانی بڵاوی کردووەتەوە، لە هەردوو بەشی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا حەوت شوێنیان بە چەکی ئاسایی و تۆپ و کاتیشا و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە ئیسرائیل کردووەتە ئامانج.

بەپێی ڕاگەیاندنی حیزبوڵای لوبنانی، لە کاتژمێر 14:30 خولەک ناوچەی مەسکاف بە چەکی ئاسایی کردەتە ئامانج، هەروەها لە کاتژمێر 16:10 خولەک ناوچەی مەرج بە چەکی ئاسایی کردەتە ئامانج و لە کاتژمێر 17:05 خولەک ناوەندی ڕویسات ئەلعالەم بە چەکی ئاسایی بە ئامانج گرت، هەروەها لە کاتژمێر 17:10 خولەک ناوەندی ئەلسەمقا بە تۆپ کراوەتە ئامانج و لە کاتژمێر 20:00 ناوەندی تەپخانەی ئیسرائیل لە ئەلزعورە بە کاتیشا کراوەتە ئامانج.

لە کاتێکدا لە بەشی ڕۆژئاوا، لە کاتژمێر 17:50 خولەک کارانتینا بە تۆپ کردەتە ئامانج و لە کاتژمێر 19:10 خولەک بنکەی هاموت نەفتالی بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بە ئامانج گرت.